
# ویڵ بوون

**ئەمیر ئەمین**
**(سەید سادق)**

دایکە ببوورە گەر باوەشی تۆم بۆ نەدۆزرایەوە
سوارچاکێکم دوای خەونی نەمریی کەوتم و
ئاسەوارێک لە خەونەکەم دیار نییە
خۆشم ئاسەواری سووتوویەکم بە دەم باوە.
دەزانم تۆ بەئومێدی ئەوەی دنیات بەهەموو
جوانییەکانییەوە بۆ بهێنمەوە
منت لە ماڵەکەت کردە دەرەوە
نەدەسگیری جوانی بووم و نە بەتەنیشت هیچ
باخچەیەکدا تێپەڕیم
لەزۆر گەردەن ئاڵام و بۆنی مێخەکەکەی تۆم
نەدۆزییەوە
لەنێو کەشتیگەلی ئاسمانیدا گەڕام و گەردوونم
پشکنی
هەسارەیەک جوانتر لە تۆ نەبوو
ژێر دەریاکان گەڕام بۆ دۆزینەوەی گەنجینە پڕ
بەهاکانی مێژوو
دارستانەکان گەڕام بۆ دۆزینەوەی دەنگی نوێ
لە کەناری دەریاکاندا ناوی تۆم نووسی کە
گەنجینەم بوو
بە دارستانەکاندا گەڕام بۆ درەختێک سەوزتر لە
باوەشت نەبوو
بۆ باڵندەیەک دەگەڕام خۆشتر لە دەنگت نەبوو
دایکە من چیم جێهێشت؟
وا هەر دەڕۆم و هەرگیز ناگەم .
لێرە خەونم بەهەموو شتێکەوە بینی تۆ نەبێت
دەترسم تۆش خەونت بەهیچەوە نەدیبێت من
نەبێت
نامەوێت لە خەونیشتدا بمناسیتەوە



با نەزانیت کە مردن قۆپچەیەکی بەکراسەکەمەوە
نەهێشتووە!
ئاهـ دایکە تۆ دەتویست بەم جەستە لاوازەوە چ
شەڕێک ببەمەوە؟
ڕۆژگار نەکردمی بە پیاو، نەتوانیم هێندەی
ژنبوونی تۆ گەورەبم.
ئەو دڵەی پڕ بوو لە هێزی نەبڕاوەی تۆ
ئێستە شمشاڵێکە بە هەوای هەر هەرایەک
تا بەردەم گوێیەکانی تۆ قریشکەی دێت
دەخوازم نەیبیستیت
تۆ کە گوێیەکانت دوو گوارەی شینی بەخۆیەوە
نەبینی
ئێستە بۆ هاواری من بەخۆیاندا شۆڕبکەنەوە
خورشە گیان خورشەی من خرۆشی خۆشی منداڵیم
منداڵەکەت کە جاران سەریان دەشکاند و
بەگریانەوە دەهاتەوە لای تۆ
ئێستە ڕۆژ نییە دڵی نەشکێنن و ئاوڕیش ناداتەوە
وەک ئەو دێوانەیەی بەکۆڵانەکەماندا دەهات و
ئێمەش بەردمان تێدەگرت
ئەویش ئاوڕی نەدەدایەوە و دەگەشتە لای تۆ
خەندەیەکی بۆ دەکردیت.
ئێستە من ئەو دێوانەیەم دنیا دەناسم و دنیا
نامناسێتەوە!
کە ژیان هەر لەمنداڵیدا جوان بوو، ئەم برد
ئەم بێ هودەیییە چییە بەدوای خۆیدا
ڕامانەدەکێشێت؟
ڕووبارەکان وەک چیرۆکەکانی تۆ ئارام نەبوون
من تووڕەیی ئەوانم بینی لەو منداڵانەی دایکیان
بەجێهێشتبوو
من پاڵەوانی ناو چیرۆکەکانی تۆ بووم، وزەم لە
دەستەپیرەکانی تۆوە وەردەگرت
کە لەتۆ دابڕام یەکجار چوومە جەنگێکەوە
مردنیش نەیدەزانی چیم لێ بکات هێند شپرزە بووبوم
لەسەنگەر و شەڕگەکاندا پاڕانەوەکانی تۆم دەبینی
چۆن لە گوللەی دوژمن دەیانشاردمەوە
شەوێک لەناو داوی تاریکیدا
کەوتم بەسەر بۆمبەکاندا و نزاکانی تۆ بەرزیان
کردمەوە
بە هاوڕێکەمدا تەقییەوە
بیرم کەوتەوە ئەو دایکی نەمابوو بێ نزا بوو !
لەسەنگەرەکاندا سەرما تەنگی پێهەڵدەچنیم
بیرم لەتۆ دەکردەوە، دەبێت باوەشت چەندە گەرم
بێت؟
دنیا تاریک بوو مانگ وێنەی لەرزینی ئێمەی دەگرت
تا نیشانی دۆزەخی خودای بدات
مامزەکان سڵیان لێ نەدەکردینەوە
دەیانزانی ئێمە شوانی نیشتمانین
ئەوانیش بەشێکن لە نیشتمان
ئێمە خۆڵی سەنگەرەکانمان دەلێسایەوە، ئەوانیش
لاملی یەکتری.
بۆنی خاک بۆنی دەستەکانی تۆ دەدات دایکە
ئێمە و دوژمن لەسەنگەری مردنی یەکتریدا
هەڵکوڕماوین
دەپرسم
گەر ئایین و سیاسەت و سنوور نەبایە
لەبری دەنگی چەکەکانمان دەنگی پێکەنینمان
دەگەشت بەیەک
شەوێک
هەوایەکی سارد و پێستبڕی هەبوو
دەمزانی دوژمنەکەشم سەرمایەتی
بەدەست من بوایە
پاڵتۆکەی خۆمم پێ دەدا
تاکێک لە دەستکێشەکانی خۆمم دەکردە دەستی
نەمدەزانی ئەو چۆن بیردەکاتەوە
بەڵام
گەر ڕۆژێک شیرینی باوەڕی بەدەستی خودای

چەشتبێت
شەوێک لەنێو شیعر و گۆرانیدا سەمایەکی بۆ
دڵخۆشی خۆی کردبێت
شەوێک لەنێو لایلایەی دایکیدا میهرەبانی
دۆزیبێتەوە
دایکی ئەویش لەودیو پەنجەرەی بێدەرەتانییەوە
چاوەڕێی هاتنەوەی کردبێت
ئێستە ئەم هەموو چێژەی لە دەنگی گولله و تۆپ
نەدەبینی!
ئەو شەوە دوای شەڕێکی گەرم
هاوڕێکەم بەهەناسەی ساردەوە ئەو فیشەکانەی
دەژماردن کە پێی ماوە
منیش  ئەو ڕۆژانەم دەژماردن کە باش نەژیابووم
ئەوەندە زۆربوون  هەر زوو دەستم هەڵگرت!
ناچار وەک ئەو مرۆڤەی بەپێکەنینەوە
بەرانبەر دایکی چاڵ بۆ مردنی خۆی هەڵدەکەنێت
شیعرێک بە زمانم هەڵدەکەنم
پێکەنینەکانی دایکم و
سەفەرە بێ سەمەرەکانم و
ئەو خەونانەی بەردەوام دەترسام ئاشکرابن لە
نێویدا دەشارمەوە
ئەم شیعرە یادەوەرییەکی گەرمە لە شەوێکی
ڕەشدا
بەیادی ڕۆژە تاڵ و  تاڵەسپییەکانی قژی دایکم
بەیادی ئامێزی ئەو کە دوایین سنووری ئارامیم
بوو
شەوێک وەک ئەستێرەیەک کشا
لەوساتەوە
لە کڵاوڕۆژنەی  ئاسمانی مندا بارانی ئازار دەبارێت
من لەبەردەم مردندا خووساوم
ئەم وشانە تەڕن
بۆیە هەرگیز ئەم شیعرە خۆش ناکاتەوە.